# پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی تیۆرەکانی کۆمەڵناسییەوە توێژینەوەیەکی تیۆری شیکارییە

# عملية التنشئة الإجتماعية في ضوء نظريات علم الإجتماع دراسة نظرية تحليلية

# The process of socialization from the sociological theoretical perspectives An Analytical Theoretical study

**نەجات محمد فەرەج[١]، پشتیوان محمد علی[٢]**

[١،٢] بەشی کۆمەڵناسی ،کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی ، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان ، عێراق

Corresponding author's e-mail: najat.faraj@univsul.edu.iq

## پوختەی توێژینەوەکە

کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لەو پرسیارە سەرەکییەی کە (ئایا پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی تیۆرەکانی کۆمەڵناسییەوە چۆن شیکار دەکرێت؟) و توێژەربەئامانجی خستنەڕوو شیکردنەوەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی تیۆرییەکانی (بونیادی ئەرکێتی، ڕۆڵی کۆمەڵایەتی، کارلێکی هێمایی و فێربوونی کۆمەڵایەتی) توێژینەوەیەکی ئەنجامداوە بە ناونیشانی (پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی تیۆرەکانی کۆمەڵناسییەوە، توێژینەوەیەکی تیۆری شیکارییە) توێژەر لە توێژینەوەکەیدا پشتی بە میتۆدی شیکاری وەسفی بەستووە و، گرنگترین ئەنجامەکانیش ئەوە پیشان دەدەن کە ئەرك و ڕۆڵ کە پەیوەستە بەپێگەی ئەندامانی خێزانەوە کاریگەری ڕاستەخۆیان هەیە لەسەر پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی.

**کلیلە ووشەکان:**(پرۆسە،پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، تیۆر).

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10537 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٣/٢/٧ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٤/٢٦ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٦/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | najat.faraj@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاوکردنەوە | ©٢٠٢٤ پ. د. نەجات محمد فەرەج، پشتیوان محمد علی، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**Abstract**

The problem of this study is a main question: (The process of socialization from the sociological theoretical perspective , how to analysis it)

And the researcher aims to present and analysis the process of socialization from the sociological theoretical perspective ,of the theories (functional constructivism , the social role,symbolic interaction and social learning). On the syllabus is a Wasfi analysis. The most important results show that the duties and roles that are associated with the status of family members have a direct impact on the socialization process

**Keywords:** (process, socialization, theory)

**ملخص الدراسة**

مشكلة هذه الدراسة هي سؤال رئيسي هل: (عملية التنشئة الإجتماعية تحت ضؤ نظريات علم الاجتماع كيف تحلل)

والباحث بهدف عرض وتحليل عملية التنشئة الإجتماعية تحت ضؤ نظريات (البنويه الوضيفية ،الدور الاجتماعي، التفاعل الرمزي و التعلم الإجتماعي)، لقد قام اجرى باحث بحثا بدراسته بعنوان: (عملية التنشئة الإجتماعية في ضوء نظريات علم الإجتماع ، دراسة نظرية تحليلية) اعتمد الباحث في بحثها على المنهج تحليل الوسفي، وتظهر أهم النتائج أن واجبات والادوار اللذين ارتبطا بمكانة أفراد الأسرة، لهما تأثير مباشر على عملية التنشئة الإجتماعية.

**الكلمات المفتاحية:** (العملية ،التنشئة الإجتماعية، النظرية)

## پێشەکی

خێزان وەك بچوكترین یەكەی پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی لە ژیانی هەریەكێك لە ئێمەدا گرنگییەكی زۆری هەیە هەر لەبەر ئەم گرنگیەشیەتی كە چەندین توێژینەوەی جیاجیای لەسەر ئەنجامدراوە، تاوەكو باس لە هەندێ ڕۆڵی نەبینراوی ناوخێزان بكرێت و گرنگی بە لایەنێكی دیكەی خێزان بدرێت كە پێشتر گرنگی پێ نەدرا بێت.

پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی تەنها لە خێزاندا كۆناكرێتەوە بەڵكو خێزان بنەڕەتی پێگەیاندنەكەیە لەگەڵیدا كەناڵەكانی دیكەی پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی پێكەوە بەشدار دەبن لە كێشانی وێنەی بەكۆمەڵایەتیبوونی تاك هەریەكە و بەرێژەیەك بۆ نمونە هاوڕێ لە كۆڵان و مامۆستاو فەرمانبەر لە ناو خوێندنگە و تەنانەت میدیاو چایخانەو كافێ و كۆمەڵگەش بەگشتی وەك بازاڕو شوێنە گشتییەكانی دیكە هاوكاریگەر دەبن لەم پرۆسەیەدا، بەجۆرێك كە لە شوێنێك بۆ شوێنێكی دیكە و سەردەمێك بۆ سەردەمێكی دیكە و قۆناغێكی بۆ قۆناغێكی دیكەی تەمەن، بەم هۆیەش كۆمەڵناسی وەك زانست و توێژەرانی كۆمەڵایەتیش وەك پسپۆڕ چەندین هەوڵیان داوە لە هەمبەر شیكاركردنی پرۆسەی پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی لە بەر ڕۆشنایی تیۆری بیرمەندانەوە، ئەم توێژینەوەیەی ئێمەش یەكێكە لەو هەوڵە سادانە لە بوارەكەدا.

## یەکەم/ کێشەی توێژینەوەکە:

کێشەی توێژینەوە واتە بابەت و کێشەو بوارو، بیرۆکەکانی توێژینەوە زانستییەکە، ئەمەش یەکێکە لە بنەما بنچینەییەکانی توێژینەوە، دیاریکردنی کێشەی توێژینەوە ڕۆڵی گرنگی هەیە لە ڕوونکردنەوە و، خستنەڕووی گرنگی توێژینەوە (عناية، ٢٠٠٩: ٢٠ ).

کێشەی ئەم توێژینەوەیەش بریتیە لەو پرسیارە سەرەکییەی کە (ئایا پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی تیۆرەکانی کۆمەڵناسییەوە چۆن شیکاردەکرێت؟)

## دووەم/ گرنگی توێژینەوەکە:

توێژەر لە ڕێگەی گرنگییەوە دەتوانێت بگاتە هۆی ئەنجامدانی توێژینەوە پێشنیارکراوەکە و، پاساو و لایەنەکانی بابەتێی زانستی توێژینەوەکە بخاتە ڕوو (الصديقي وآخرون، ٢٠١٢: ١٢٦).

## گرنگی ئەم توێژینەوەیەش خۆی دەبینێتەوە لە :

أ- گرنگی تیۆری/ ئەم توێژینەوەیەی ئێمە هەوڵێکە لە بواری زانستی کۆمەڵناسیدا و ئەنجامەکانی دەبنە سەرچاوەیەکی زانستی بۆ ئەو توێژەر و خوێندکارانەی کە دەیانەوێت توێژینەوە لە هەمان بواردا ئەنجام بدەن و درێژە بە کاروانی زانستی خۆیان بدەن، کەمی ئەو توێژینەوانەی کە تیۆرین لە زانستی کۆمەڵناسیدا خۆی لە خۆیدا گرنگی توێژینەوەکەی ئێمە دەردەخات.

ب- گرنگی پراکتیکی/ ئەنجام و ڕاسپاردەکانی ئەم توێژینەوەیەی ئێمە کە توێژینەوەیەکی زانستییە لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەك وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و، وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن و خێزانەکانیش دەتوانن کاری لەسەر بکەن لە پێناو باشتر کردن و ڕێکخستنی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی.

## سێیەم/ ئامانجی توێژینەوەکە:

توێژەرکاتێك دەست بەتوێژینەوە دەکات دەبێت ئامانجێکی هەبێت و پاڵی پێوە بنێت، توێژینەوەش بەهەموو برگەکانییەوە دەبێتە ڕێگەیەکی ئەکادیمی بۆگەیشتن بەو ئامانجە، ئامانجی توێژینەوەکەی ئێمەش بریتییە لە خستنەڕوو شیکردنەوەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی تیۆرەکانی (بونیادی ئەرکێتی و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و کارلێکی هێمایی و فێربوونی کۆمەڵایەتی) ، هەر بۆیە توێژەر هەوڵی داوە بیرۆکەی تیۆرەکان بخاتە ڕوو شیکردنەوەیان بۆ بکات.

## چوارەم/ میتۆدی توێژینەوەکە:

وشەی میتۆد بەگشتی ڕێگەیەکە یان کردەیەکە کە توێژەر دەیگرێتە بەر بۆ وەڵامدانەوەی کێشەی توێژینەوەکەی (ابراش، ٢٠١٣: ١٠٠).

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاری وەسفی بەکارهێنراوە، کە زیاتر لە توێژینەوە چۆنێتییەکان بەکاردەهێنرێت و لە ڕووی تیۆرییەوە بابەتەکان خراوەتەوە ڕوو بە ئامانجی وەسفکردن و پاشان شیکردنەوە یان بۆکراوە بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوە زانستییەکان و بەکارهێنانی ئامرازی کتێبخانەیی و گەیشتن بە ئەنجامی توێژینەوەکە (المسعودي والخضيري، ١٩٩٢: ٤٢).

## پێنجەم/ ناساندنی چەمکەکان:

چەمکەکان بنەمای زمانی کارلێکی مرۆڤ و، ئامرازی مرۆیین بۆ دەربڕینی بیرۆکە و، دۆخی تایبەت لە پرۆسەی توێژینەوەی کۆمەڵایەتیدا گرنگی تایبەتی هەیە، لەم ڕێگەیەوە توێژەر دەتوانێت زانیارییەکان دیاری بکات (ابراش، ٢٠٠٩: ٢٣٥).

توێژینەوەی زانستی پشت بە دوو جۆرلە پێناسە یان ناساندن دەبەستێت ئەوانیش ناساندنی چەمکەکە لەگەڵ ناساندنی ڕێکاری (بدر، ١٩٨٢: ٣٨).

هەر لەو بارەیەوە چەند پێناسەیەك بۆچەمکەکانی تایبەت بە توێژینەوەکە دەخەینەڕوو بریتین لەمانەی خوارەوە:

**أ- پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی.**

**ب- تیۆر.**

## أ- پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی:

بریتییە لە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی کە بەهۆیەوە تاکەکان لە ناو کۆمەڵگەدا فێری شێوازەکانی ژیان دەبن و، بە ناوەندی یەکەمی گواستنەوەی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەش دادەنرێت (غدنز، ٢٠٠٥: ٨٧).

هەروەها پرۆسەیەکە لە فێرکردن پشت بە گۆشکردن و ئاوێتەکردنی هەریەکە لە ژیری و سۆزو ئاکاردەبەستێت، بەشێوازێکی هەماهەنگ لە لای تاکەکان (ابو مغلی وآخرون، ٢٠١٣: ١٥).

پێناسەی ڕێککاری پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی : دەتوانین بڵێین پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ئەو پرۆسە کۆمەڵایەتیانەیە کە لە ڕوانگەی تیۆرەکانەوە تاکەکان لە ناو خێزان یان کۆمەڵگە یان لە ڕێگەی کەناڵە جیاوازەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە لە منداڵییەوە تا پیری وەری دەگرن وەك: (مزگەوت و کافێ و چایخانە).

## ب- تیۆر :

تیۆر بونیادێکی هزری هەماهەنگە و پەیوەستە بە هەندێک دیاردەی دووبارەی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە، یان کۆمەڵێک یاسای پێکەوە بەستراوە دەربارەی هەندێک دیاردە و ڕووداو کە لە ڕێگەی درک کردن و بیرکردنەوەی عەقڵانییەوە مەبەستەکانی دەگەیەنێت (النوري والحسني، ١٩٨٥: ٩).

هەروەها تیۆرەکان سیستەمێکی مەعریفەی گشتێنراون کە لایەنە جیاوازەکانی واقیعی کۆمەڵایەتی لێک دەدەنەوە بەجۆرێک گوزارشت لە بەرزترین پلەی تاقیکردنەوە و گشتاندن دەکەن و، پەیوەندی نێوان یاسا و کێشەکان یەک دەخەن و، یارمەتی بیرمەندانیش دەدەن بۆ دۆزینەوەی یاسا نوێیەکان و دەرخستنی بەڵگە نادیارەکانی کێشە کۆمەڵایەتییەکان (الکاشف، ٢٠٠٠: ٤).

پێناسەی ڕێککاری تیۆر : بریتییە لە گوزارشت و ڕاڤەی عەقڵانی دیاردە و کێشەکانی کۆمەڵگە، دوورە لە وێنا و خەیاڵ و مەبەست و بەرژەوەندی تایبەت و دیاریکراو، کەئەمەش هۆکارێکی بەهێزە بۆ لایەنی بابەتی بوون و، دۆزینەوەی ڕێگە زانستییەکانی کاری توێژەر بەگشتی و توێژینەوەکان بەتایبەت.

## شەشەم/ توێژینەوەکانی پێشوو

١- توێژینەوەی صالح (٢٠١٣): بە ناونیشانی (ڕۆڵی خانەکانی نەوجەوانان لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا- توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە خانەکانی نەوجەوانان لە بەکرەجۆ لە شاری سلێمانی)

کێشەی توێژینەوەکە بریتییە لە پرسیارکردن دەربارەی توانای خانەکانی نەوجەوانان و ڕۆڵیان لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی نەوجەوانان‌دا، جۆری توێژینەوەکەش تێکەڵە لە (چەندێتی و چۆنێتی) وتوێژەر هەریەکە لە میتۆدەکانی(مێژوویی و بار و بەراووردکاری) بەکارهێناوە و شێوازی توێژینەوەکەش زیاتر وەسفی شیکارییە، نمونەی توێژینەوەکەشی لە جۆری نمونەی مەبەستدارە کۆی نەوجەوانانی وەرگرتووە کە ژمارەیان (٤٥) نەوجەوان بوو لە هەردوو بەشی کوڕان و کچان تەمەنیان لە نێوان (٧-١٨) ساڵدابوون، هەر لەو چوارچێوەیەدا هەریەکە لە ئامرازەکانی (چاوپێکەوتن و تێبینی بە بەشداریکردن و بەڵگەنامە و ڕاپۆرتەکان) ی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهێناوە، لەگەڵ بەکارهێنانی هەریەکە لە ئامرازە ئامارییەکانی (تاقیکردنەوەی تیتێست و تاقیکردنەوەی مان وتنی) کۆمەڵێك ئامانجی سەرەکیشی خستۆتەڕوو لەوانە: زانینی ڕۆڵی خانەکانی نەوجەوانانی کوڕان و کچان لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی نەوجەوانان داو زانینی جیاوازی نێوان خانەکان لە پڕکردنەوەی پێداویستییە ماددی و کۆمەڵایەتییەکاندا، لە کۆتایدا گەیشتۆتە کۆمەڵێك دەرئەنجام لەوانە: ڕۆڵ و هێزی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ناوخانەکاندا زیاترە لە دیدی هەندێك لە نەوجەوانان لە بەرامبەر ژیانیان لە ناو خێزانەکانیان بەو پێیەی خێزان نەیتوانیوە پەروەردە و، پێگەیاندن و چاودێری تەواویان بۆ دابین بکات، ئەمە جگە لە دروستبوونی جیاوازی لە نێوان خانەی نەوجەوانان لە ڕووی مامەڵە و ڕەفتاری ڕەگەزییەوە بەجۆرێك نەوجەوانانی ڕەگەزی مێ بە ڕێژەیەکی زیاتر ناڕازین وەك لە ڕەگەزی نێر لە ڕووی مامەڵەی توێژەری کۆمەڵایەتی لە پڕکردنەوەی پێداویستییە ماددی و کۆمەڵایەتییەکاندا.

٢- توێژینەوەی الیاس (٢٠١٧): بە ناونیشانی (الحرمان الأبوي وعلاقته بالتنشئة الإجتماعية في ضوء بعض المتغيرات – دراسة ميدانية للأطفال مجهولي الأبوين بدار الإيواء (المايقوما) بولاية الخرطوم- السودان) )بێبەشبوون لە باوان و پەیوەندی بە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە لە ژێر ڕۆشنایی هەندێ گۆڕاودا- توێژینەوەیەکی مەیدانییە بۆ منداڵانی بێبەش بوو لە باوان لە خانەی (المايقوما) لە ویلایەتی خەرطوم – سودان)

کێشەی توێژینەوەکە بریتییە لەو پرسەی کە بێبەش بوون لە باوان چ پەیوەندییەکی بە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە هەیە لای منداڵانی بێسەرپەرشت، توێژینەوەکە لە جۆری چەندێتییە و میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی گشتگیر بەکار هاتووە، شێوازی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە و لە جۆری نمونەی مەبەستدارە، توێژەر (٧٠) منداڵی لە هەردوو ڕەگەزی کوڕ و کچ وەرگرتووە (٦٠) منداڵیان لە ناو خانەکەدان و (١٠) منداڵیان لە خێزانی جێگرەوەدان، ئەم ڕێژەیەش کۆی گشتی کۆمەڵگەکەی پێکهێناوە، توێژەر لەم توێژینەوەیەدا تەنها (فۆڕمی ڕاپرسی) وەکو ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهێناوە و ئامرازە ئامارییەکانی (پەیوەندی ئاماری پێرسۆن و تاقیکردنەوەی تیتێست بۆ دوو نمونە و ناوەندە ژمێرەیی، لادانی پێوەری، تاقیکردنەوەی جیاوازی) بەکار هێناوە، پرۆگرامی (Spss) ی بەکارهێناوە بۆ شیکارکردنی داتا و زانیارییەکان، ئامانجی توێژینەوەکەش زانینی پەیوەندییە لە نێوان بێبەش بوون لە باوان و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەش: پەیوەندییەکی پێکەوە بەستراوی نەرێنی هەیە لە نێوان بێبەشبوون لە باوان و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی بێسەرپەرشت لە خانەکەدا بە جۆرێك ئەو منداڵانەی بێبەشن لە سۆزی باوان لە دۆخێکی ناهەمواری نەبوونی متمانە و هەستکردن بە نا ئارامین هەروەها جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا لە نێوان خانەکان و خێزانی جێگرەوەدا بەو پێیەی ژینگەی خێزانی جێگرەوە بە تایبەتمەندییەکانی سۆز و هاوکاری و پێکەوەبوونی ئەندامانی زیاتر دەناسرێتەوە لەگەڵ ئەوەشدا منداڵ لە خێزانی جێگرەوەدا گرنگی زیاتری پێدەدرێت وەك خانە و دامەزراوە فەرمییەکان.

## حەوتەم/ پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی:

بەگشتی بیرۆکەو بەکارهێنانی چەمکی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە بۆ سییەکانی سەدەی ڕابردوو بە دیاریکراویش لە ساڵی (١٩٣٩) و دواتریش لە زانستەکانی پەروەردە و دەروونناسی و کۆمەڵناسیشدا جێگای خۆی کردەوە، هەر لەو چوارچێوەیەشدا هەریەکە لە بیرمەندان (بارك و دۆلارد) بۆ یەکەمین جار وتارێکیان بڵاوکردەوە لە گۆڤارێکی ئەمریکیدا تایبەت بەچەمکی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، هەر وەك بیرمەندان (ئوجبرن و نیمیکۆف)یش ئاماژەیان بەو گۆڕانکارییانەی سەر تاکەکان کردووە کە لە بوونەوەرێکی بایۆلۆجییەوە دەگۆڕێت بۆ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، چونکە لە دایکبوون بە مانای بەدیهاتنی بوونەوەرێکی بایۆلۆجییەو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانیش ڕۆڵ دەبینن بۆ گۆڕینی بۆ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی ئەویش لەڕێگەی ڕۆڵ بینین و تەواوکاری و فێرکردن و پێدانی ڕۆڵە جیاوازەکانی پەیوەندیکردنەوە دروست دەبێت (شاسواری، ٢٠١٣: ٧١-٧٢).

کەواتە لە ڕێگەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە تاکەکان کارلێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ یەکتری دەکەن بەمەبەستی هاوشانبوونیان لە کۆمەڵگەدا، هەربۆیە لە کلتوورە جیاوازەکانیشدا هەمە چەشنەییەك هەیە لە کردەکاندا بۆ نمونە لەڕووی بایۆلۆجییەوە لە کاتی فێربوونی ڕێ ڕۆشتندا منداڵان تاڕادەیەك وەکو یەکتر ئەوقۆناغە تێدەپەڕێنن، یاخود هەوڵەکانیان لە پێناو پڕکردنەوەی پێداویستییە سەرەتاییە فسیۆلۆجییەکانیانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی لە نێوانیاندا دەبینرێت بەنمونە یەکێك زیاتر دەخەوێت و یەکێکی دیکە کەمتر، یان لە

کاتی گریاندا یەکێك زوو دەکەوێتە گریان بەڵام یەکێکی دیکە زۆری پێ دەچێت تا کاریگەر ببێت بە ڕووداوێك یاخود بارودۆخێك و بکەوێتە گریان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕادەی جیاوازییە بایۆلۆجییەکان و چالاکبوونیان لە چوارچێوەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا (خزاعله وآخرون، ٢٠١٨: ١٥٣).

هەر بۆیە تاك کاتێك لە دایك دەبێت بوونەوەرێکی بایۆلۆجییە و کەمترین زانیاری هەیە یان هەر نازانێت دەربارەی بابەتەکانی ئاین و فەلسەفە و نەریت وکلتورو یاساکانی ژیان، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەهۆی پرۆسە کۆمەڵایەتییەکانەوە شارەزایی و لێهاتوویی دروست دەکات سەبارەت بە ژینگەی ژیان و دەوروبەری و دەبێتە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی جێبەجێکاری نەریت و یاسا کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە.

لەبەرئەوە پرۆسەی گۆڕینی بوونەوەری بایۆلۆجی بۆ بوونەوەری کۆمەڵایەتی بە گرتنەبەری دوو ڕێوشوێن و شێواز دەبێت کە ئەوانیش:

١- ئامادەکاری و ڕاهێنان بەپێی قۆناغەکانی گەشەی دەروونی و جەستەیی و کۆمەڵایەتی تاکەکان، واتە لێرەدا تاکەکان ئامادە دەکرێن بۆ هەر گۆڕانکارییەك کە دەکرێ لە داهاتووی دوور یان نزیك ڕووبدەن.

٢- داب و نەریت و بەها باڵاکان لە ژینگەکەیدا هەرکات پەسەند و گونجاو بوون لەگەڵ کردەکەدا یەك دەگرن و ئامانجی پرۆسەکە دەپێکن (عامر، ٢٠٠٨: ١٣٧-١٣٨).

لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین قۆناغی منداڵی لە گرنگترین قۆناغەکانی تەمەنی تاکەکانە بەگشتی و پێکهاتەی کۆمەڵگەی لەسەر بونیاد دەنرێت، سەرەتای دروستبوونی کردە و کەسایەتیشە کە دواتر کاریگەری خۆی بەجێ دەهێڵێت لەسەر چۆنیەتی قۆناغەکانی دیکەی گەشە هەر بۆیە بەگرنگییەوە تەماشا دەکرێت.

لەم ڕوانگەیەشەوە تایبەت بە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و بەهۆی ئەوەی بەشێکی سەرەکی و گۆڕاوێکی بنچینەیشە لە توێژینەوەکەماندا توێژەر بەباشی زانی هەندێك لە بابەتە پەیوەندیدارەکان بەو پرۆسەیە بخاتە ڕوو بەم شێوەیەی خوارەوە:

## ١- تایبەتمەندییەکانی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی:

پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بە کۆمەڵێك تایبەتمەندی دەناسرێتەوە، کە دەتوانین بڵێین ئەم تایبەتمەندییانە کۆنترۆڵی یەکەمن بۆ دیاریکردنی کردە کۆمەڵایەتییەکانی تاکەکان بەرامبەر تاکێکی دیکە لە کۆمەڵگەدا هەربۆیە ڕەنگە هەندێك کردە لە کۆمەڵگەیەکدا پەسەند بێت بەڵام لە کۆمەڵگەیەکی دیکە بەپێچەوانەوە پەسەند نەبێت (الفوزان، ١٩٩٩: ١-٢). ئەو تایبەتمەندییانەش بریتین لەمانەی خوارەوە:

أ- پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی کەسییە: بەمانای ئەوەی کە تایبەتە بە تاکەکان و، لە هەمان کاتتدا پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیشە کە لە چوارچێوەی گرووپ و یەکە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕوودەدات.

ب- پرۆسەیەکی دینامیکی بەردەوامە لە کارلێکی گۆڕاودا: هەربۆیە پرۆسەیەکی ئاڵوگۆڕکاری بەخشین و وەرگرتنە، بەجۆرێك تاك دەبێتە خاوەنی ئەو کلتوورەی کە تێیدا دەژی کە ئەمە بریتییە لە وەرگرتن و دواتریش دەبەخشێت بەشێوەیەك کە هەمان کلتوور بۆ ئەوانی دیکە دەگوازێتەوە (محمد، ٢٠١٢ :١١٦-١١٧).

ت- پرۆسەیەکی بەردەوامە: بەشداریکردن بەردەوامە و لە بارودۆخە نوێ و جیاوازەکانیشدا تاکەکان پێویستییان بە پێگەیاندنی بەردەوام هەیە لە لایەکەوە لە لایەن خودی خۆیانەوە بۆ خۆیان بەمەبەستی ئەوەی بتوانن خۆیان بگونجێنن لەگەڵ پێداویستییە نوێیەکان و کارلێك کردنی سەردەمدا و لە لایەکی دیکەوە لە لایەن کەسانی دیکەی کۆمەڵگەوە.

ث- پرۆسەیەکی ڕێژەییە: واتە بەپێی کات و شوێن جیاوازە هەروەك چۆن چینە کۆمەڵایەتییەکانیش تەنانەت لە ناو خودی یەك کۆمەڵگەشدا جیاوازن.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ج- پرۆسەیەکی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتییە: واتە لە ڕێگەیەوە تاکەکان دەگۆڕێن بە نموونە منداڵێك لە سەرەتادا وابەستە دەبێت بەوانی دیکەوە بەڵام بە گەورەبوونی دەبێتە تاکێکی پێگەیشتوو و هەڵگرو بەرپرسیاری کۆمەڵایەتی لە ناوکۆمەڵگەدا.

ح- پرۆسەیەکی ئاڵۆزە: بە واتای ئەوەی پرۆسەیەکی فرە چەشنە و پشت بە شێواز و ئامرازی جیاواز دەبەستێت، جا چ بە شێوەی پێگەیاندنی مەبەستدار یان بەبێ مەبەست بۆ گەیشتن بە ئامانج و مەبەستە دیاریکراو و سەرەکییەکان لە نمونەی: (خێزان و قوتابخانە و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و یانە وەرزشی و کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکان) (الختاتنة والنوايسة، ٢٠١٠: ١١٣-١١٤).

خ- پرۆسەیەکی گشتگیرو بەربڵاوی درێژکراوەی مێژووە: لەگەڵ ئەوەی لەکۆمەڵگەیەك بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازە بەڕێژەیەك بەڵام لە جۆردا جیاوازی نابینرێت ولە کۆی کۆمەڵگەکاندا بەسەرەتایی و گەشەکردوو پێشکەوتووەکاندا بوونی هەیە (فیاض، ٢٠١٥: ٨-٩ ).

## ٢- گرنگی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی: گرنگییەکانی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لەوەدا دەردەکەوێت کە:

أ- دەتوانرێت دڵنیایی بدات لە پاراستنی تاکەکان لە بارودۆخە جیاوازەکاندا بە تایبەت لە کاتی ئەنجامدانی چالاکییەکانیان پێکەوە و، دروستکردنی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بەجۆرێك ئینتیما بۆ ئەو گرووپانە دەکەن ودەبنە بەشێك لەخۆیان.

ب- لەپرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا تاك فێری جۆرێك لە کۆنترۆڵکردنی کردەکانی دەبێت بەشێوەیەك دوور دەکەوێتەوە لەو کردانەی کە پەسەندکراو نین لە لایەن کۆمەڵگەوە، لە کاتێکدا کەدەزانین و پێویستیشە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بۆ پاراستنی ژیانی کۆمەڵایەتی و مانەوەی تاکەکان، ئەم پێویستییەش وەستاوە لەسەر بنەمای پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی تاکەکان و شایستەبوونیان بۆ چەشنێك لە خۆگونجاندن و پاراستنیان لە هەر زیانێك کە ژیانیان بخاتە مەترسییەوە لە ڕووی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە.

ت- گرنگییەکی دیکەی لەوەدا دەردەکەوێت کە ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە دارشتنی کەسایەتی تاکدا لە مەودای دووردا بەتایبەت لە دروستبوونی ئاراستە کۆمەڵایەتییەکان، هەر بۆیە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی نوێنەرایەتی دیارترین لایەنی کلتووری کۆمەڵگە دەکات بەو پێیەی کە یەکەیەك لە بیرۆکەی نەریتی لەخۆ دەگرێت بەرچاوکردنی ئەوەی کە ئەم نەریتە باوانە مێژوویەکیان هەیە و ڕەوایەتییان لە خودی تاکەکانی کۆمەڵگەوە وەرگرتووە (عامر، ٢٠٠٨: ١٣٧-١٣٨).

ث- لەگەڵ ئەوانەشدا دەتوانین بڵێین پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی چەشنێك لەیەکچوون دەدۆزێتەوە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە جیاوازەکاندا، هەروەها کارلێکێکی گشتیشە کە بە گوێرەی کات و شوێن گۆڕانکاری تێیدا ڕوودەدات و کاریگەری دەبێت لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگەدا، بە واتایەکی دیکە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بەپێی بەها باڵاکانی ئەوکات و سەردەمەی کە کۆمەڵگەی لەسەر بونیاد نراوە چالاکییەکانی تاکەکان ڕێك دەخات (النحلاوي، ١٩٩٩: ٢٧).

## ٣- قۆناغەکانی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی: پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بریتییە لەم قۆناغانەی خوارەوە:

أ- پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سەرەتایی (التنشئة الإجتماعية الأولية-Primary Socialization):

لە سەرەتای قۆناغی منداڵیدا دەردەکەوێت، کە قۆناغێکی گرنگ و هەستیارە لە ژیانی تاکەکاندا، کە منداڵان بەشێوەیەکی بەرفراوان فێری بابەتە کلتووری و داب و نەریتەکان دەبن لە نمونەی: (زمان و شێوازە سەرەکییەکانی کردە) کە دەبێتە بنەما بۆ قۆناغەکانی دواتری فێربوون، لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین خێزانیش لەم پرۆسەیەدا دامەزراوەیەکی سەرەکی کۆمەڵایەتییە (حوسو، ٢٠٠٩: ١١٢-١١٣).

ب- پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی دووەمی (التنشئة الإجتماعية الثانوية-Secondary Socialization):

ئەم قۆناغەش درێژ دەبێتەوە لە قۆناغی منداڵییەوە تاوەکو تەمەنی کۆتایی پێگەیشتن، کە لێرەدا دامەزراوەکانی دیکەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ دەگرن لە نمونەی: (قوتابخانە و گرووپی هاوڕێیان و میدیا و دامەزراوە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان) هەر بۆیە ئەو کارلێکە کۆمەڵایەتییانەی کە لە چوارچێوەی ئەو دامەزراوانەدا ڕوودەدەن هاوکاردەبن بۆ فێربوونی تاکەکان لە داب و نەریت و بەهاو

بیروباوەڕەکانی کۆمەڵگە و چۆنیەتی خۆگونجاندن لە گەڵیاندا (غدنز، ٢٠٠٥ :٨٨).

ت- پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بەردەوام (التنشئة الإجتماعية المستمرة-Continuing Socialization):

لەم قۆناغەدا ڕۆڵە جیاوازە بەدەست هاتووەکان بەرجەستە دەبن بەپێی جیاوازی ڕەگەزی لە نێوان نێرو مێدا، واتە هەریەکە لەو ڕەگەزە جیاوازانە نمایشی ڕۆڵەکانی خۆیان دەکەن لە کۆمەڵگەدا، کە ئەمەش پرۆسەیەکی ڕاستەخۆی دینامیکییە لە تەواوی سووڕی ژیانیاندا تاوەکو کۆتایی تەمەنیان (حوسو، ٢٠٠٩: ١١٢-١١٣).

## ٤- ئامانجەکانی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی:

أ- فێرکردنی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی تاکەکانە لە ناو کۆمەڵگەدا، بەپێی جیاوازی تەمەن و ڕەگەزو پیشە و کلتووری کۆمەڵگە و، بەدەستهێنانی کارامەیی تایبەت لە بواری سیستەمەکانی کۆمەڵگە و پابەند بوون بە کلتووری کۆمەڵگەوە (رمضان، ١٩٩٢: ١٤-١٥).

ب- چاندنی بەهاو پێوەرو نۆرمەکانی گروپە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەت ئەو پێوەرو بەهایانەی کە بەشدارن لە داڕشتنی کلتووری کۆمەڵگەداو، گەشەپێدانی خودی لە چوارچێوەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی کارلێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەسانی دیکەدا، بە واتایەکی دیکە ئامانجی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی دروستکردنی کەسایەتی کۆمەڵگەییە واتە ئەوکەسایەتییەی کە بەرجەستەکاری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە و تاکەکان لە ناویدا دەژین، ئەمەش دەبێتە هۆی پاراستنی تاکەکان لە کۆمەڵگەدا وەك گەرەنتییەکی پێویست بۆ مانەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە (عمار، ١٩٨٧: ٢٥٠-٢٥٢).

ت- دابینکردنی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی دروست بە جۆرێك تاك لە ناو خێزاندا هەست بەبوونی ئەندامانی دیکە خێزان بکات، چونکە بوونی هەریەکە لە ئەندامانی خێزان لە دایك و باوك و ئەوانی دیکە ڕۆڵی خۆیان هەیە لە مانەوە و پاراستنی خێزان و، ئامانجی سەرەکیش لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی دروستکردنی لایەنە مرۆییە خودییەکانی منداڵانە لە ڕێگەی تێرکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانەوە، بەشێوەیەك بتوانن جۆرێك لە گونجان دروست بکەن لەگەڵ کەسانی دیکەی کۆمەڵگە لە لایەك و داخوازییە کلتوورییەکانی کۆمەڵگە لە لایەکی دیکەوە (الكندري، ١٩٩٢: ١٥٦).

## ٥- جۆرەکانی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی:

بەگشتی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی دوو جۆری سەرەکی دەگرێتەوە:

أ- پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بەمەبەست:

ئەم شێوازە لە پێگەیاندن لە هەردوو ژینگەی خێزان و خوێندنگە ڕوودەدات، بەو پێیەش کە تاك لە خێزانەوە فێری زمان و کردەو داب و نەریت و بەهاکان دەبێت، بەهەمان شێوە لەخوێندنگەشدا بەچەند قۆناغێکی پەروەردەیی و پێگەیاندنی دیارکراو تێپەڕدەبێت بەپێی گونجاوی لە کۆمەڵگەدا.

ب- پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بەبێ مەبەست:

ئەم شێوازە لە پێگەیاندن زۆرجار بە هاوبەشی لەگەڵ شێوازی پێگەیاندنی مەبەست ئەنجام دەدرێت، لە ڕێگەی (مزگەوت و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن وەکو ڕادیۆو تەلەڤزیۆن و سینەماو شانۆ) هەروەها ئەو دامەزراوانەش کە بەشدارن لە پرۆسەی پێگەیاندن لە ڕێگەی ئەو ڕۆڵانەی خوارەوە تاك فێری کارامەیی و ماناکان دەکەن و بیرۆکەکان و بەدەستهێنانی نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانیش بەپێی ئەم دامەزراوانە جیاوازن، لەبەر ئەوە تاکەکان هەڵوێست و خووە پەیوەندیدارەکان بە خۆشەویستی و ڕق و سەرکەوتن و شکست و هاوکاری وهەڵگرتنی بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ دەگرن و، خووەکانی پەیوەست بە کاروبەرهەمهێنان و بەکاربردن و جۆرەکانی دیکەی کردەش بەدەست دەهێنن (شروخ، ٢٠٠٤ :٦٠).


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## ٦- دامەزراوەکانی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی:

دەتوانین بڵێین پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە چەندین دامەزراوەی جیاواز پێکهاتووە ئەوەی لێرەدا بەگرنگ دەزانرێت خستنە رووی ئەو دامەزراوانەیە کە پەیوەندی ڕاستەخۆیان هەیە بە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە، لەو دامەزراوانەش بریتین لە دامەزراوەکانی: (خێزان، خوێندنگە، گرووپی هاوڕێیان، دامەزراوە ئاینییەکان، ئامرازەکانی پەیوەندی، ژینگەی کۆمەڵایەتی).

هەشتەم/ پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لەڕوانگەی تیۆرەکانی کۆمەڵناسییەوە

ئیان کریپ دەڵێت: خودی وشەی تیۆر هەندێک جار دەبێتە هۆی ترس و دڵەڕاوکێ لە ناخی خەڵکیدا، بەو پێیەی زۆرێک لە تیۆرەکان ئەستەمە لێی تێ بگەین یان هەندێک جار بێمانا دێتە بەرچاومان، هەر وەک کریپ دەڵێت کلتووری ئێمە بەشێوەیەکە لە هەموو ئەو وردەکاری و لاساییکردنەوانەدا بەئاسانی تیۆر قبووڵ ناکات، بەو شێوەیەش هەر وەک چۆن توێژەر لەهەر توێژینەوەیەکدا بە دوای ئەنجامی ڕاستەقینەدا دەگەڕێت، بە هەمان شێوە تیۆرەکانیش هەوڵەکانیان لەو پێناوەدایە (حمزة، ٢٠١٥: ١١).

دەتوانین بڵێین تیۆر حوکمێکی ڕاگەیاندنی گشتیین لەسەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، ئەمەش بەو مانایەیە کە بیرمەندانی کۆمەڵناسی بە ئامانجی گەیشتن بە ئاستێکی جیاوازی شیکاری هەوڵ دەدەن تیۆر لە وەسفی سادەی هەندێک سنوور و ڕاستی جیاواز تێ بپەڕێت (تشيرتون و براون، ٢٠١٢: ٢١).

هەر بۆیە لە هەلومەرجێکدا تیۆرەکان دەبنە ڕۆشنکەرەوە بۆ زۆرێک لە گومان و دوودڵییەکانی توێژەر و ئەمەش بەرئەنجامی بەراوردکردنی تیۆرەکانە بە ناوەڕۆک و بابەتە دیاریکراوەکانی ناونیشانی توێژینەوە، لەم چوارچێوەیەشدا هەوڵ دەدەین هەریەکە لە تێۆرەکانی (بونیادی ئەرکێتی و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و کارلێکی هێمایی و فێربوونی کۆمەڵایەتی) بەپێی ساڵی دەرکەوتن و دروست بوونیان بە ڕیزبەندی بخەینە ڕوو.

أ- تیۆری بونیادی ئەرکێتی: (نظرية البنائية الوظيفيةFunctional structure theory-)

ئەم تیۆرە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە لە ئەنجامی پەیوەست بوون بە هزری پۆزەتیڤیزمەوە سەری هەڵدا کاتێک پۆزەتیڤیزم پاڵپشتی و پشتگیری زانستی دەکرد و دژایەتی میتافزیقیای نەریتی دەکردو ئەم پاڵپشتی کردنەی پۆزەتیڤیزمیش بۆ زانست پشتی بەو یاسایانە دەبەست کە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بۆی ملکەچ دەبن بۆیە زیاتر جەختیان لەسەر زانستی سروشتی بەتایبەت زیندەوەرزانی دەکردەوە (صيام، ٢٠٠٩: ٤٨).

هەروەها تیۆری بونیادی ئەرکێتی لە ئەنجامی ئەو ڕەخنە و ئاستەنگانەی کە ڕووبەڕووی تیۆری بونیاد و تیۆری ئەرکێتی بووەوە سەری هەڵدا بۆ تەواوکردنی ئەوکارانەی کە هەریەکە لە بونیادو ئەرکێتییەکان دەستیان پێکردبوو پەیدابوو، کە بەتەواوی پشتی بە تیۆری بایۆلۆجی دەبەست کە (چارلس داروین) دای هێناوە لە کتێبی (بنەچەی جۆرەکان) و باس لە توێژینەوەی بەشەکان و پەیوەندییەکانی نێوان بوونەوەری ئۆرگانی کردووە وەک گشتێک، هەروەها بیرمەندانی کۆمەڵناسیش سوودیان لەبیرۆکەکانی بایۆلۆجی و ئۆرگانیش وەرگرتووە (خەمەش، ٢٠١٢: ٣٠٠).

هەروەک زانراویشە زانستی بایۆلۆجی توێژینەوە دەکات لەسەر پێکهاتە و ئەرکەکانی بوونەوەری ئاژەڵی یاخود ڕووەکی زیندوو، هەر بەم چەشنەش دەتوانین سوود لەم جۆرە تیۆرانە ببینین بۆ شیکردنەوەی کۆمەڵگە چونکە کۆمەڵگە لە چەند بەشێک پێک دێت پێی دەوترێت سیستەم و سیستەمیش چەند ئەرکێکی هەیە کە یەکتر تەواو دەکەن (غنيم وآخرون، ٢٠٠٨: ١٨).

تیۆری بوونیادی ئەرکێتی هەوڵ دەدات ئەرکەکانی هەر سیستەمێک بەگوێرەی دیاردە کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکان شی بکاتەوە لەبەر ئەوەش کە کۆمەڵگە لە کۆمەڵێک سیستەم پێکهاتووە ناتوانین بەجیا لە بەشەکانی تێ بگەین و، هەر جۆرە گۆڕانکارییەکیش لە یەکێک لەبەشەکان دەبێتە هۆی گۆڕان لە بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگەدا (موحسنی، ٢٠٠٧: ٢٠٠).

لەگەڵ ئەوانەشدا هەندێک لە بیرمەندانی کۆمەڵناسی جەخت لەوە دەکەنەوە کۆی گشتی سیستەمی کۆمەڵایەتی بەشدارە لە ڕووی ئەرک و مانەوە و پاراستنی هاوسەنگیدا (الخولي، ١٩٨٤: ١٤٧).

هەربەم چەشنەش بیرمەندان لەسەر بنەمای هاوشێوە بوون لە بوونەوەرە ئۆرگانییەکان پێیان وایە کە هەر پێکهاتەیەک لە پێکهاتەکانی کۆمەڵگە هاوشێوە بە ئەندامەکانی جەستەی بوونەوەر کاردەکات و کاریگەری بەجێ دەهێڵێت بە نموونە دڵی مرۆڤ ئەرکێکی ئەرێنی ئەنجام دەدات لە پەیوەندیدا لەگەڵ جەستەو هەموو ئەندامەکانی دیکە بەڵام نەخۆشکەوتن و لەکارکەوتنی تەنیا کاریگەری لەسەر ئەو ئەندامە بەجێ ناهێڵێت بەڵکوو دەبێتە هۆی مەترسی و هەڕەشە بۆ تەواوی ئەندامەکان و لە کارکەوتنیان (عودة، ١٩٩٥: ٩٤).

پەیوەندی تیۆری بونیادی ئەرکێتیش بە توێژینەوەکەمانەوە دیارە کە باسکردنە لەو پێکهاتە و بونیادە گرنگەی کۆمەڵگە ئەویش خێزانە و لەویش گرنگتر چۆنیەتی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییە بەجۆرێک کە دروستبوونی هەرگرفتێک لە بونیادو پێکهاتەی خێزانەکان دەبێتە گرفتی گەورە بۆ تەواوی پێکاتەکانی دیکەی کۆمەڵگە بەگشتی و بەربەست لە بەردەم پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و دروستبوونی مەترسی لەسەر بەرژەوەندییەکانی تاکەکان بەگشتی و منداڵان بەتایبەت.

بیرمەندی کۆمەڵناس (سپنسەر) وەک بیرمەندی دیاری تیۆری بونیاد دەناسرێت چونکە گرنگی بە بوونیادی کۆمەڵایەتی و ئەو ئەرکانەی ناو بوونیادەکە داوە کە تەواوکاری یەکترن:

### - هێربەرت سبنسەر (Herbert Spencer/1820-1903):

بە لای سبنسەرەوە کۆمەڵگە وەك گشتێك یەکەی شیکارکردنی سۆسیۆلۆجیە، پێویستە شارەزایانی بواری کۆمەڵناسی گرنگی پێ بدەن، لەگەڵ ئەوەشدا بەشەکانی کۆمەڵگە بریتین لە چەند یەکەیەکی دابڕاو و جیاواز لە یەکتر بەڵام ئەمەش واتای ئەوە ناگەیەنێت ئەم یەکانە بوونێکی هەرەمەکییان هەبێت، بەڵکوو چەندین بەستەر هەیە لە ڕێگەی پەیوەندییە بەردەوامەکانەوە بەش بەگشت دەبەستێتەوە و وادەکات کۆمەڵگە بەهەموو یەکەکانییەوە هەبوونێکی گشتی پێك بهێنێت (الفوال، ٢٠٢٠: ٦٥).

پوختەی تیۆری بونیادی ئەرکێتیش خۆی دەبینێتەوە لەوەی کە سیستەمەکان هەرچەندە ئامانج و قەبارەیان جیاواز بێت بەیەکەوە گرێ دراون و پاڵپشتی یەکتری دەکەن، هەروەها دامەزراوە یاخود کۆمەڵگە دەتوانرێت شی بکرێتەوە بۆ بەش و ڕەگەزەکانی بەشێوەی بونیادی ئەرکێتی واتە دامەزراوە لە چەند ڕەگەزێک پێک دێت کە هەر یەکەیان ئەرکی سەرەکی خۆی هەیە، ئەو بەشانەی کە دامەزراوەش یاخود کۆمەڵگەی لێ پێک دێت بەشی تەواوکارن هەر یەکەیان ئەوی دیکە تەواو دەکەن و هەر گۆڕانکارییەک بەسەر هەریەکێکیاندا بێت ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەوانی دیکەش دەبیت، هەر بەشێک لە دامەزراوە یاخود سیستەم ئەرکە بونیادییەکەی لەسرووشتی بەشەکەوە سەرچاوەی گرتووە، واتە ئەگەر ئەرکەکان جیاواز بێت بەهۆی جیاوازی بەشەکانەوە دەبێت لە هەمان کاتدا پلەیەک لە تەواوکاریش لە نێوانیاندا دەبێت، لە کۆتاییشدا ئەو ئەرکانەی کۆمەڵگە یاخود گرووپێک ئەنجامی دەدات ڕەنگە ئەرکی دیار یاخود شاراوە بێت یان دروستکار یاخود ڕوخێنەربێت و پێداویستی تاکەکانی خۆی یاخود تاکەکانی دامەزراوەیەکی دیکە تێردەکات (زێباری، ٢٠١٧: ٥٢-٥٣).

هەروەک دیارە یەکێک لە هەرە بونیادە گرنگەکانی کۆمەڵگە (خێزان)ە کە تەواوکاری سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی کۆمەڵگەیە، پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیش لەم توێژینەوەیەدا وەک بەشێکی سەرەکی باسی لێوەدەکرێت، هەر جۆرە مەترسییەک لەسەر بونیادێک لە بوونیادەکانی کۆمەڵگە بەخێرایی گۆڕانکاری و کاریگەری خۆی بەجێ دەهێڵێت لەسەر کۆی بوونیادەکانی دیکەی کۆمەڵگە کەواتە هەرکاتێک یەکێک لە بوونیادەکانی کۆمەڵگە ئەرکی خۆی بەباشی ئەنجام نەدا ئەوا کاردەکاتە سەر بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگە و ناتەواوی دروست دەکات لە هەموو بەشەکانی دیکەدا، هەربەم چەشنەش هەر مەترسییەک لەسەر بونیاد و پێکهاتەی خێزان کە ببێتە هۆی لێکترازان هۆکار دەبێت بۆ پەرتەوازەبوونی ئەندامانی خێزان بەگشتی و بەم شێوەیەش دامەزراوە و سەرچاوەکانی دیکەی پێگەیاندن ناچار دەکات کە ئەرکی بەخێوکردن و پەروەردە و پێگەیاندنیان بگرنە ئەستۆ، لەبەر ئەوە بۆ گێڕانەوەی هاوسەنگی و مانەوە و پاراستنی تاکەکان بەگشتی و، بەمەبەستی تەواوکاری بۆ تاکەکان کە بە هەر هۆکارێک یەکێک لە بوونیادەکانی ژیانیان لە مەترسیدایە، پێویستە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بە دروستی هەنگاو بنێت بۆ گەشەپێدانی تاکەکان و ڕێگری و بەربەست لە هەڵوەشاندنەوەی خێزانەکان.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ب- تیۆری ڕۆڵی کۆمەڵایەتی : (نظرية الدور الإجتماعيSocial role theory-)

لە زانستی کۆمەڵناسیدا تیۆری ڕۆڵ تیۆرێکی نوێیە، دەرکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم، ئەم تیۆرە کەسایەتی بە لێکەوتەیەکی کۆمەڵایەتی ڕاڤە دەکات کە لە ئەنجامی کارلێکی نێوان مرۆڤەکان پێک دێت و بە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەی دادەنێت لەسەر مرۆڤ (غورفا، ١٩٨٤: ١١١-١١٢).

ڕۆڵ کلیلە لە کۆمەڵناسی خێزاندا و بەو پێیەی لە ساناترین دۆخدا کارلێکە لە نێوان دووکارەکتەر کە هەریەکەیان چاوەڕوانییان لەوی دیکەیە لە چوارچێوەی نۆرمەکاندا (بۆدۆن وبۆریکۆ، ٢٠١٩: ٤٤٥).

هەرچی پێگەی کۆمەڵایەتیشە ئەو سیفەتانەن کە سرووشتی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکە دیاری دەکات بەم پێیەش پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان ڕۆڵ و پێگەی کۆمەڵایەتی، بۆیە دەتوانین بڵێین پێگەی کۆمەڵایەتی هەرکەسێک پێویستی بە دیاریکردن و دەرخستنی خەسڵەتەکانی کردەی کەسەکەیە، ڕۆڵیش پێویستی بە بوونی کەسێک هەیە بیگێڕێت لەگەڵ بوونی چەند کەسێکی دیکەی پەیوەندیداربە ڕۆڵەکانەوە (الحسن، ٢٠١٢: ٢٧٤-٢٧٥).

بەباوەڕی ئەم تیۆرە کردەی تاک و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پشت بەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییانە دەبەستن، هەروەها پێگەی کۆمەڵایەتیش لە کۆمەڵگەدا پشت بە ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان دەبەستێت و بەهۆی ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییانەی کە تاک پیادەی دەکات ئەرکەکانی دیاری دەکرێت، لە هەمان کاتتدا تاك دەتوانێت مافەکانی بەدەست بهێنێت لە ڕێگەی ئەنجامدانی ئەرک و کار لە کۆمەڵگەدا، تاک لە کۆمەڵگەدا چەندین ڕۆڵ دەگێڕێت و تەنیا یەک ڕۆڵی دیاریکراوی نییە، لەناو یەک دامەزراوەشدا ڕۆڵەکان جیاوازن و یەکسان نین و دەشتوانین دابەشیان بکەین بۆ سێ بەشی سەرەکی کە ئەوانیش: هەندێک لە ڕۆڵەکان ڕۆڵی سەرکردایەتیین، هەندێکیان ناوەندین و هەندێک ڕۆڵی دیکە هەیە کە بنچینەیین، ئەو ڕۆڵانەی تاک لە کۆمەڵگەدا دەیگێڕێت ئەڵقەی بەیەک گەیشتنی نێوان تاک و کۆمەڵگەیە هەر بۆیە ڕۆڵ بە گرنگترین یەکەی بونیادی دادەنرێت لە دامەزراوەدا، دامەزراوەش یەکەی بونیادی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانە، یەکێك لەو بیرمەندانەی کۆمەڵناسی کە باوەڕی بەتیۆری ڕۆڵ هەیە وەك: (ماکس ڤێبەر) لە کتێبی ( تیۆری ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و ئابووری) باسی کردووە (الداهري، ٢٠١١: ٣٨٩-٣٩٠).

### - ماکس ڤێبەر: (Max Weber/1864-1920):

بە یەکێك لەو بیرمەندانە دادەنرێت کە گرنگی بەتیۆری ڕۆڵ و ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان دەدات چونکە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی جووڵێنەری بنەڕەتی تیۆرە کۆمەڵایەتییەکەیەتی، دەتوانین بڵێین لە دیدی ڤێبەرەوە کردەی کۆمەڵایەتی هەرچالاکییەکە یاخود جوڵەیەکە کە تاك ئەنجامی دەدات و دەبێت پەیوەندی هەبێت بە بوونی تاکەکانی دیکە لە کۆمەڵگەدا، کردەی تاکیش گرێدراوە بە بوونی ئەو ڕۆڵەی لە ناو کۆمەڵگەدا دەیگێڕێت چونکە ڕۆڵەکان کردەی تاکەکان دیاری دەکەن و، لەگەڵ ئەوەشدا بەکارهێنانی هێمای کردەیی کاتێك دروست دەبێت کە تاك کردەیەك یان چالاکییەك ئەنجام بدات لە کۆمەڵگەدا لەبەرئەوە پێویستە تاك پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی توندوتۆڵی هەبێت لە کۆمەڵگەدا بەتایبەتی ئەم پەیوەندییەش کاتێك دروست دەبێت کە کردەیەك ڕوودەدات لەگەڵ ئەوانی دیکەدا (الحسن، ٢٠١٥: ١٦٠). هەرلەو چوارچێوەیەشدا ماکس ڤێبەر کردە بەپێی هۆکار یاخود پاڵنەرەکەی بۆسێ جۆر دابەش دەکات ئەوانیش: (کردەی کۆمەڵایەتی ڕەمەکی یاخود هەڵچوونی، کردەی کۆمەڵایەتی نەریتی کردەی کۆمەڵایەتی عەقڵانی).

لە ڕوانگەی خستنەڕووی ئەم جۆرانە لە کردە دەتوانین بڵێین پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کردەیەکی نەریتی عەقڵانی و ڕەمەکییە بەو پێیەی جیاکردنەوەی تاکەکان بۆ هەریەکە لە ڕەگەزی نێرو مێ بەپێی تەمەن و بۆ ژینگەی جیاواز لە لایەك لەگەڵ داب و نەریتی کۆمەڵگەی کوردی گونجاوە، لەو ناوەندەشدا تاکەکان لەسەرەتای ژیانیان پەیوەندییەکانیان ڕێك دەخەن و کارلێك لەگەڵ یەکتری دەکەن، لە لایەکی دیکەشەوە بەپێی پرۆسەیەکی تەواو عەقڵانی و لە چوارچێوەی سیستەم و ڕێنماییەکانی خێزاندا بەڕێوەدەچن، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵ و پێگەیان لە ناو ماڵ و خێزانەکاندا دیاریکراو و بەهەند وەرگیراوە و لە هەمان کاتیشدا بابەتێکی غەریزیشە بەو پێیەی تاکەکان بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی ژیان و گەشەکردنیان لە ژینگەی کۆمەڵایەتییان نۆرم وبەها کۆمەڵایەتییەکان وەردەگرن و دەیگوێزنەوە بۆ ئەوانی دیکە.

لەبەر ئەنجامی خستنەڕووی تیۆری ڕۆڵ دەتوانین بڵێین ڕۆڵەکان دابەش دەبن بۆ ڕۆڵی سەرکردایەتی و ڕۆڵی بنەمایی بەتایبەتی لە خێزاندا هەرکاتێك ڕۆڵە سەرکردایەتییەکان وەك ڕۆڵی دایك و باوك لەگەڵ ڕۆڵە بنەماییەکان وەك ڕۆڵی ئەندامان یەکتریان تەواو نەکرد یاخود ڕۆڵە بنەماییەکان ملکەچی ڕۆڵە سەرکردایەتییەکان نەبن ئەوا خێزان بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەچێت و، دژێکی دروست دەبێت لە ناو خێزاندا، ئەم ململانێیەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ڕۆڵەکان لەیەك کاتدا، لەبەرئەوە لێرەدا خێزان یەکانگیرو یەکگرتوو نابێت چونکە ململانێ هەیە لە نێوان ئەو ڕۆڵە جیاوازانەی کە تاکەکان دەیگێڕن دواجار ئەندامانی خێزان بەبێ سەرپەرشت دەمێننەوە ئەوکات لە نەبوونی سەرپەرشتیارێك کە ئەرکی ماددی و کۆمەڵایەتی خێزانەکان بگرێتە ئەستۆ دەبێت دامەزراوەیەکانی دیکە ئەرکی بەخێوکردنی تاکەکان و پەروەردە و پێگەیاندنیان لەخۆ بگرێت، لە کاتێکدا ئەگەر ڕۆڵ و پێگە لە خێزاندا لە چوارچێوەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا هاوسەنگ بن ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر تاکەکان بەگشتی و ئەندامانی خێزان بەتایبەت، بە واتا کاتێك تاکەکان لە ناو خێزانەکان پێگەیان هەبێت و وەکو ئەندامێکی ڕاستەقینەی خێزان مامەڵەی گونجاویان لەگەڵ بکرێت ڕۆڵی خۆیان دەبینن وەکو تەواوکاری خێزان.

## ت- تیۆری کارلێکی هێمایی: (نظرية التفاعل الرمزي-Symbol interaction theory)

تیۆرێکی ئەمریکییە ودەرکەوتن و گەشەکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سییەکانی سەدەی بیستەم، تیشك دەخاتە سەر چۆنیەتی دروستبوونی واتاکانی کردە کۆمەڵایەتییەکان لەڕێی کارلێکەوە، هەروەها شیکردنەوە دەکات بۆ واتای ژیانی ڕۆژانە لە ڕێگەی تێبینیکردنی کردەی ڕاستەخۆوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ دەدات بۆ تێگەیشتن لە چەمکە بنەڕەتییەکانی کارلێکە مرۆییەکان لە نمونەی (هێماو زمان) (مارشال، ٢٠٠٠: ٤٣٧).

ئەم تیۆرە پێی وایە کە تاك لە ناو دونیایەك لەوهێماو واتایانەی کە دەوری داون دەژی، لە هەموو بارودۆخێکدا بەهۆیانەوە کارلێکی کۆمەڵایەتی دەکات و ڕۆژانە بە بەردەوامی ئەم هێمایانە بەکاردەهێنێت، بەڵام لە هەمان کاتدا تاکەکان گرنگی تەواو نادەن بەکۆی گشتی هێماو واتاکانی دەروبەر بەڵکو بەکارهێنان و گرنگی پێدانیان دەکەوێتەوە سەر ڕاددەی بەکارهێنانی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان وحەزو ئارەزوو و داخوازییەکان، لەگەڵ ئەوەشداو بە بۆچوونی ئەم تیۆرە هێما بریتییە لە ئاماژەکردن بەبابەتێکی دیاریکراوی ماددی یان واتایی، هەرهێمایەکیش لە لایەن کۆمەڵگەوە دیاریکراوە و واتایەکی هەیە و ئاماژە بە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی دەکات کە پێداویستییەکانی تاك تێر دەکات و بۆ کارلێککردنی لەگەڵ تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگە یارمەتی دەدات، هەروەها بایەخی هێماکان ئەوکاتە دەردەکەوێت کە لەلایەن تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگەوە لەسەر ئاستی مومارەسەی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵایەتی بەکاربهێنرێت (لطفي والزيات، ٢٠١٢: ١٢٠).

زمانیش بریتییە لە کۆمەڵێك هێماو نیشانە کە مانای جیاوازو دان پێدانراو لەخۆ دەگرێت لە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە تاکەکانی کۆمەڵگە دایان ناوە بۆ ڕوونکردنەوەی پاڵنەرو حەزو ئارەزووەکانیان و تێرکردن ونیشاندانی فەرمانە کۆمەڵایەتیەکان، زمانیش بەدەست هێنراوە و تاك لە کۆمەڵگادا لە ڕێگای دامەزراوەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی فێری دەبێت کە وەك ئامرازێکی فێرکاری کاریگەر کاردەکات بەتایبەت لە خێزاندا کە دادەنرێت بە یەکەم دامەزراوەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و یەکەمین ناوەندە بۆ گواستنەوەی زمان لە کۆمەڵگاوە بۆ منداڵ و، منداڵیش یەکەم شت کە فێری دەبێ بەکارهێنانی ئەم هێماو نیشانانەیە چونکە یەکەم شتە کە تێبینی دەکات لە کەسە نزیك و گرنگەکانی ژیانیشی، ئەوانیش باوك و دایك و خوشك و براکانییەتی (الخولي، ١٩٨٤: ٢٣٦).

هەر بۆیە پرۆسەی پەیوەندیکردنیش (communication) لە ڕێی زمانەوە یەکێکە لە شێوەکانی کارلێکی هێمایی، گرنگیدانی مرۆڤیش بە واتای کردەکانی خۆی و ئەوانی دیکە لە کۆمەڵگەدا یەکێکی دیکەیە لە شێوەکانی دیکەی کارلێکی هێمایی، لەبەر ئەوە واتاکان شاراوەنین بەڵکو هەستی مرۆڤەکانە بۆ ئەو بابەتانە، ئەوهەستەش کە دەبێتە هۆی دەربڕینی واتاکان لە هەمان کاتتدا دەبێتە هۆی دروستبوونی هێماکان، بۆیە بە باوەڕی بیرمەندانی ئەم تیۆرە مرۆڤ لە توانایدا هەیە کە چاکسازی لە خودی خۆیدا بکات و ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییەی کە تێیدا دەژی بگۆڕێت، ئەویش لە ڕێگەی پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە و بە بەکارهێنانی هێماکان و لە ناویشیاندا بەتایبەت زمان (لطفي والزيات، ٢٠١٢: ١٢٠).


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

### - جۆرج هیربرت مید: (George Herbert Mead/1863-1931)

یەکێکە لە بیرمەندە کۆمەڵایەتییە ئەمریکییەکان و لە دامەزرێنەرە پێشەنگەکانی تیۆری کارلێکی هێمایە، (مید) زیاتر بایەخی بە کارلێکی ئاڵوگۆڕو خودی کۆمەڵایەتی داوە لەگەڵ ئەمانەشدا خاڵی سەرەکی و دەستپێك لە لای (مید) گفتوگۆ کردنیەتی بەگشتی لەسەر ئەو تایبەتمەندییانەی کە مرۆڤەکان جیادەکاتەوە لە تەواوی بوونەوەرەکانی دیکە بەتایبەت (ئاژەڵەکان) زۆرێك لە بیرمەندانی دیکەش کۆکن لەم خاڵەداو پێیان وایە جیاوازییە سەرەکییەکانی نێوان بوونەوەران زیاتر لە بەکارهێنانی زماندا خۆی دەبینێتەوە بەتایبەت پەیوەندی زمان بە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە و گەیاندنی لە ڕێگەی هێماکانەوە، هەر بۆیە هەوڵیداوە لەم لایەنەدا زیاتر قووڵ ببێتەوە، هەروەك دیارە ئاژەڵەکان بەشێوەی ئاماژە لەگەڵ یەکتری دەدوێن، بەڵام هەڵەکە لێرەدایە ئەگەر باوەڕمان وابێت وەکو مرۆڤ بەردەوام دەبن لە پەیوەندییەکانیان لەو ڕێگەیەوە، چونکە بە نمونە کاتێك سەگێك مۆڕە دەکات لە سەگێکی تر ئەوا یەکێکیان دەکشێتەوە و هەست بە دوژمنکاری دەکات و ئەوی دیکەشیان بە ترس، لەگەڵ ئەوانەشدا تێگەیشتنێکی هاوبەش لە نێوانیاندا نییە، لە لایەکی دیکەوە ئەگەر نمونەی مامۆستایەك بهێنینەوە کاتێك خواستی ئەوە بێت یەکێك لە فێرخوازەکانی ئاگادار بکاتەوە هەوڵ دەدات هۆیەکی پێشکەش بکات یاخود ئاماژەیەکی دەبێت تاوەکو تێ بگات، کەواتە لێرەدا جیاوازییەکە جۆری ئەو کاردانەوە و هێما ئاماژە دارانەیە کە ئاژەڵ و مرۆڤەکان بە پێچەوانەی یەکترییەوە هەیانە (کریب، ٢٠٠٨: ١٥١).

(مید) بابەتەکەی خستۆتە ڕوو هاوشێوەی پەیوەندی نێوان دووکەس یان زیاتر، جا ئەگەر وێنای بکەین لە چوارچێوەی توێژینەوەکەماندا، دەتوانین بڵێین ئەو کارلێکە کۆمەڵایەتییەی کە لە نێوان تاکەکاندا دروست دەبێت لە کۆمەڵگەدا، بەشێوەیەکە کە ئەندامانی خێزانەکان خزمەتگوزارییان پێشکەش دەکرێت و لە هەمان کاتتدا ئەندامانیش وەڵامدانەوەیان دەبێت بۆ خزمەتگوزارییە بەردەستەکان بەگشتی و جۆرەکەی بەتایبەت، کەواتە پرۆسەیەکی تەواوکۆمەڵایەتییە و بە پشت بەستن بەداب و نەریتە باوەکانی تایبەت بە کۆمەڵگە، شایەنی ئاماژە پێدانیشە کە لە هەردوو ژینگەی کۆمەڵگە و خێزانیشدا زمانێکی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە یان دروست دەبێت، بە تایبەت لە نێوان ئەندامانی خێزاندا، بۆیە (مید) پێی وایە لە واقیعیشدا هەر بەوچەشنەیە، ئێمە خۆمان لە ڕێگەی واتاوە جیهانی خۆمان دروست دەکەین، لەبەر ئەوە لە کردە و کارلێکی ڕۆژانەماندا ئەو واتایانە بە ڕۆڵەکان دەبەخشین کە گونجاو و پەسەندکراوی کۆمەڵگەن، هەر لەو ڕێگەیەشەوە جیهانی خۆمان دروست دەکەین، لەبەرئەوە (هێماو زمان) توانای دروستکردنی کارلێك و پەیوەندی و بەخشینی واتا و هەڵبژاردەی بڕیاردانمان پێ دەبەخشێت لە کۆمەڵگەدا.

### ث- تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی: (نظرية التعلم الإجتماعي-Social education theory)

تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی یەکێکە لە تیۆرە گرنگەکانی دەروناسی کۆمەڵایەتی و بەشدارییەکی گرنگی هەیە لە لێکدانەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانداو سەرەتای دەرکەوتن و دروست بوونی ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمی ڕابردوو، کە سەدەیەکی پڕ لە داهێنان و بەخشش بوو بەتایبەت لە بواری فێرکردندا (کەلهور، ٢٠١٠: ١٠٥).

هەر بۆیە دەتوانین بڵێین هەندێك لە بوونەوەران لە ژیان دا پێویستییان بە فێربوون هەیە بۆ ئەوەی بتوانن کاروباری ژیانی ڕۆژانەی خۆی ڕاپەڕێنێت لەبەرئەوە (گۆڕان لەکردەی تاکەکان، یاخود هەر گۆڕانێك لە جێبەجێکردنی هەرکارێك پێی دەوترێت فێربوون) بەڵام هەندێك بابەت هەیە لە بوونەوەردا کە بەزگماکی فێری دەبن و هەندێکی دیکە بەشێوەی هەوڵدان بەدەستی دەهێنن، بۆ نمونە: کاتێك منداڵ لە دایکی جیادەبێتەوە تەمەنی تەنانەت دووکاتژمێریشی تێپەڕ نەکردووە و بەشێوەیەکی ڕەمەکی فێری مژینی مەمکی دایکییەتی، یاخود مژینی مەمەی پلاستیکی کە سەرچاوەی ژیانی تێدا مسۆگەر دەکات، لەبەر ئەوە دەروون ناسەکان گەیشتوونەتە ئەو ڕاستییەی کە تاکەکان کۆی بابەتەکانی ژیانیان دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی بەبێ ویست و بەشێوەیەکی غەریزی فێردەبن یان لە ڕێگەی هەوڵدانەوە لەو ژینگەیەی تێیدا

دەژین فێردەکرێن، بە واتا تاکەکان هەر لە ساتی لە دایکبوونیانەوە تاوەکو مردن لە چوارچێوەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا دەکرێت بەبێ ویست و ئارەزووی خۆیان فێری هەندێك لە داب و نەریت و بەهای کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە ببن لە ڕێگەی فێرکردنیشەوە و لەسەر بنەمای کۆمەڵێك بنەمای زانستی دەکرێت فێرکردن فەراهەم بکرێت کە لەو کاتەدا پشت دەبەستێت بە هەوڵدانی تاکەکان بەپێچەوانەی بوونەوەرانی دیکە کە بەگشتی لە ڕێگەی (غەریزە)وە فێردەبن، بە نمونە: باڵندەکان دەتوانن باشترین و جوانترین هێلانە دروست بکەن بەبێ ئەوەی کەسانێك ڕۆڵیان هەبووبێت لە فێربوونیاندا بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانیش پێویستیان بە جۆرێك لە هەوڵدان هەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەیان (کەلهور،٢٠١٠: ١١٢).

دەتوانین بڵێین کردەی ڕۆژانەش بریتییە لە جۆرێك لە جۆرەکانی فێربوون، کە بەتەنیا خۆی لە فێربوونی خشتەی لێکدان و ناو و ناونیشاندا نابینێتەوە بەڵکو ویست وئارەزوو وکۆی گشتی ئەو هەوڵانەش دەگرێتەوە کە کاریگەرییان هەیە لەسەر کەسایەتیشمان بە واتایەکی دیکە ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە بەرهەمی ژیانی کۆمەڵایەتین (گۆتەریج، ١٩٨٣: ١٨).

کەواتە پرۆسەی فێربوون پرۆسەیەکی زۆر ئاڵۆزە، بەهۆی ئەوەی مامەڵەی تاکەکانە لە کۆمەڵگەدا لەگەڵ یەکتردا، مرۆڤیش لە کۆمەڵگەدا بوونەوەرێکی ئاڵۆزە، هەربۆیە شارەزایان ناساندوویانە بەوەی: گۆڕاوێکی گریمانەیی ناوەکی تاڕادەیەك جێگیرن، لە کردەی مرۆڤەکاندا تێبینی دەکرێن، کە لە ئەنجامی چالاکییەکانی تاکەکان خۆیان و شارەزایی و لێهاتوویيان لە دووبارەکردنەوەی کردەکانیان دروست دەبن. (علی، ٢٠٠٧: ١٠٢)

کەواتە دەتوانین بڵێین هەموو پرۆسەکانی فێربوونی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا دوو ئاڕاستە لە خۆدەگرن بە چەشنێك دەبنە تەواوکاری کارو چالاکییەکانی یەکتر ئەوانیش: غەریزە و ڕەمەکە ناوەکییەکان و چالاکییە جێگیرەکانە، هەربۆیە تاکەکان لە ڕێگەی ئەوکارلێك و بەرکەوتنانەی ڕۆژانە هەیانە فێری ئەو کردانە دەبن کە لەو ژینگە کۆمەڵایەتییە جیاوازانەی کۆمەڵگەوە ئاڕاستە دەکرێن لە لایەن تاکەکانی دیکە و لە هەمان کاتدا هەمان کردەی ئەو کەسانە دووبارە دەکەنەوە کە پێیان کاریگەر دەبن، ئەمانەش بەگشتی دەبنە شارەزایی بۆ جۆرێك لە خۆگونجاندن لە لایەن تاکەکانەوە لەگەڵ ژینگەی دەوروبەردا بەپێی ئەو بارودۆخ و قۆناغی گەشەیەی کە تێیدا دەژین.

### - ئەلبێرت باندۆرا (Albert Bandura/1925-2021):

(باندۆرا) یەکێکە لە پێشەنگەکانی تیۆری فێربوون، کە خاوەنی قوتابخانەی کۆمەڵایەتییە پاش ساڵانێك لە لێکۆڵینەوە لە بابەتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و بوارەکانی فێربووندا، گەیشتە ئەو ئەنجامەی، کە چالاکییەکانی مرۆڤ لە پەیوەندییەکی بەردەوامدان و هەماهەنگ دەبن لەگەڵ هۆکارە ژینگەییەکان و کاردانەوە کردەییەکانی تایبەتمەندییە کەسێتییەکان (santrock, ٢٠١٧: ٢٣٣).

هەربۆیە پێی وایە مرۆڤ بە دووبارەکردنەوە و لاساییکردنەوەوە فێری کردە دەبێت، هەروەها پێی وایە زۆربەی کردەکانی مرۆڤەکان بە دروست و نادروستەوە کردە گەلێکن کە لە ژینگەی تاکەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە (أبو أسعد، ٢٠١٤: ٤٨).

هەر بۆیە باندۆرا پێی وایە فێربوون سەرەتا لە ڕێگەی سەرنج دانەوە و بە پشت بەستن بە زانیارییەکان ڕوودەدات، هەروەها پێی وایە ئەم جۆرە لە فێربوون دەبێتە هۆی داهێنان، فێرخواز تێیدا مۆدێلە جیاوازەکانی فێربوون لە چوارچێوەی کردەیەکی نوێدا یەك دەخات، جەختیش دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە فێربوون لە ڕێگەی سەرنجدانەوە دەتوانێت کاریگەری بەجێ بهێڵێت بە نمونە: ستایش کردن و پێزانینێکی کەم لەسەر کردەیەکی پەسەند، دەبێتە هۆی گۆڕانکارییەکی بچوك لە کردەی پەسەنداو بە پێچەوانەوەش ڕاستە (عبدالرحمن، ١٩٩٨: ٦٤٣).

لەبەرئەوە تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی زیاتر گرنگی بەکردە دیارەکان دەدات کە دەتوانرێت لە ڕێگەی سەرنجدان و بە هۆکاری ئامرازی چاوەوە ببینرێن وەکو: (کردە توندوتیژییەکان، قسەکردنی ئاسایی ڕۆژانە، جوڵەکانی ئەندامانی جەستە) لە کاتێکدا کەمتر بایەخیان بە چۆنیەتی گەشەکردنی دیاردە دەروونییەکان داوە کە لە ڕێگەی سەرنج و تێڕامانەوە ناتوانرێت ببینرێن وەك: (هەست و هۆش و بیرکردنەوە) هەروەها

لایەنگرانی ئەم تیۆرە باوەڕیان وایە مرۆڤ لە سەرەتای لەدایکبوونیەوە تاوەکو کاتی مردنی بەردەوامە لە فێربوون و کردە و تاقیکردنەوەی ئەزموونە نوێیەکان، بە پێچەوانەی تێڕوانینی (فرۆید) و هاوبیرانی کەپێیان وایە مرۆڤ لە (٥)ساڵی یەکەمی تەمەنیدا کەسایەتی بۆدروست دەبێت، ڕووداوەکانی دوای ئەو ماوەیە بایەخیان کەمترەبێت لەسەر کردە و قۆناغەکانی گەشەو کەسایەتی مرۆڤ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بیرمەندان کۆکن لەسەر کاریگەری پاداشت وسزا لەسەر کردەکانی مرۆڤ، بەجۆرێك ئەو کردانەی پاداشت دەکرێن دووبارە دەکرێنەوە و دەبنە بەشێك لە کەسایەتی مرۆڤ بەپێچەوانەوەش ئەو کردانەی سزادانی بەدوادا دێت دەبنە هۆی کەمبوونەوە و لاوازبوونی (قەرەچەتانی، ٢٠٠٩: ٤١-٤٢).

لە ڕوانگەی خستنە ڕووی تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتییەوە دەرکەوت کە بابەتی فێربوون بنەمایەکی سەرەکییە جا بە مەبەست یان بێ مەبەست بێ، باشترین فێربوونیش بریتییە لە فێربوونێك لەڕێگەی سەرنجدانەوە بۆ ئەو کردەو چالاکییە پەسەندانەی کە گشت کۆمەڵگە هاوڕان لەسەری و لەگەڵ داب و نەریت و بەها باڵاکانی کۆمەڵگە یەك دەگرنەوە، ئەوەی لێرەشدا دەمانەوێت ئاماژەی پێ بکەین باسکردنە لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و ژینگەی خێزانە بەجۆرێك دۆخێك لە فێربوون دروست دەکات کە جیاواز دەبێت بۆ تاکەکان لە رووی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و گواستنەوەی ئەو بەهاو کلتوورە مەعریفییانەی کە لە ڕێگەیەوە تاکەکان ئاشنا دەبن بە دەوروبەریان و جارێکی دیکە هەمان نمایشی کردە پەسەندەکانی تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگە دەکەنەوە لە فێربوون و کارلێکردن و دواتر کاردانەوەیان لەسەر یەکتردەبێت، بە واتایەکی دیکە تاکەکان لە ژینگەی خێزانیدا، فێربوون و دووبارەکردنەوەی کردەکانیان لەبەر ئەنجامی سەرنجدان و کاریگەربوونیانە بەو کەسایەتییانەی کە لە کۆمەڵگەدان، جا بەشێوەیەکی کردەی ئەرێنی یان نەرێنی، ئەم کردانەش بەگشتی و بەدروست و نادروستەوە دەکرێت ببنە هێمایەکیش بۆ تێگەیشتنی تاکەکان بەهۆی شارەزابوونیان لە کردەی تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگە، واتا کاتێك یەکێك لە تاکەکان کردەیەکی پەسەند دەنوێنێت دەکرێت وەڵامدانەوەیەکی ئەرێنی و یان بەهێماو ئاماژەیەك یان بەزارەکی پاداشت بکرێت، یان تێبگەیەنرێت لە دروستی یان نادروستی کردەکەی لە خێزان یان کۆمەڵگەدا و بەپێچەوانەوەش بۆ سزادانیش هەر ڕاستە.

## نۆیەم/ ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

**لە ئەنجامدا بەپێی بەپێی خستنەڕوو و شیکارکردنی تیۆرەکان بۆ پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بۆمان دەرکەوت:**

١- گۆڕانکارییە بەردەوامەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی کاریگەری بەرچاوی هەیە لەسەر سروشتی ژیانی خێزان و پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان .

٢- سروشتی پەیوەندییەکانی ناو خێزان گۆڕاون، بەهۆکاری زۆربوونی پێداویستییەکان و گۆڕانکاری و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا.

٣- خۆشەویستی وهەستی ڕۆحی نێوان ئەندامانی خێزانەکان بەهۆی سەرقاڵییان ئەرک و ڕۆڵی نوێی بۆ خێزانەکان زیادکردووە و کاڵ بوەتەوە و کاری کردوەتە سەر کۆی ئەندامانی کۆمەڵگە.

٤- شێوازە دروستەکانی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کاریگەری هەیە لە گەشە و کەسایەتی تاکەکان بەگشتی و سەرچاوە و دامەزراوە گرنگەکانی پرۆسەی پێگەیاندنیش بەگشتی لە نمونەی (خێزان و قوتابخانە و دامەزراوە ئاینی و وەرزشی و کۆمەڵایەتییەکان) کە پێگەیەکی گرنگییان هەیە لە پرۆسەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی تیۆرەکانی کۆمەڵناسییەوە لەسەرمرۆڤ لە منداڵییەوە تاوەکو قۆناغی پیری.

٥- ڕێگەدانی ئازادانە و شێوازی دیموکراسیانە بە گفتوگۆی تاکەکان و ڕێزگرتن و بەهەند وەرگرتنی بۆچوونەکانیان و بووەتە هۆی هاوسەنگی پاراستنی پەیوەندی نێوان ئەندامانی خێزان و تاکەکانی کۆمەڵگە بەگشتی.

٦- بەربەستی ماددی و کۆمەڵایەتی لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا گرفتی گەورەی دروست کردووە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان بۆ تاکەکان بە چەشنێك خێزانەکان ناتوانن بەپێی ئەو پرۆگرامە زانستییانەی کە هەیە بەپاڵپشتی ماددی و کۆمەڵایەتی دەستەبەر بکەن.

## دەیەم/ پێشنیاز و ڕاسپاردەکانی توێژینەوە

### أ- پێشنیازەکان:

هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە و جیاواز لە نمونەی توێژینەوەی تیۆری بە بەکارهێنانی میتۆدە چەندایەتی و چۆنایەتییەکان لە پێناو بە ووردی دەرخستنی گرفتەکانی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کە پێویستە توێژەرانی کۆمەڵایەتی بەهەند وەری بگرن بۆ نمونە کارکردن لەسەر

چەند لایەنێکی جیاوازی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی وەك ئەم ناونیشانانەی خوارەوە:

- پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە نێوان ماڵەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی و خێزانە جێگرەوەکان.
- پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە لای منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت و منداڵانی ئاسایی.
- پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە نێوان منداڵانی ناو باخچەی ساوایان و خێزانەکانیان.

### ب- ڕاسپاردەکان:

- پێویستە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی پلانی کۆمەڵایەتی هەبێت لە بارەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە لە ناو خێزان و گشت کەناڵەکانی دیکەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا دەربارەی چۆنێتی گۆشکردنی منداڵان و پێدانی ڕێنمایی پێویست بۆ گشت دەزگاکانی ڕاگەیاندن و لە ڕێگەی میدیاکانیشەوە خێزانەکان هۆشیار بکرێنەوە.
- پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنەوە سانسۆر بخاتە سەر گشت دەزگا میدیاییەکان تاوەکو ئەو بابەتانەی کە پەخشی دەکەن کاریگەری نەرێنی لەسەر پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی دروست نەکەن.
- پێویستە خێزانەکان چاودێری منداڵەکانیان بکەن لە زیادەڕەوی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هاوڕێ بەستنیان لەگەڵ منداڵانی دیکەدا و سەیرکردنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن.

## سەرچاوەکان

١. الختاتنة، سامي محسن وفاطمة عبدالرحيم النوايسة (٢٠١١): علم النفس الإجتماعي، دار حامد للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.

٢. الصديقي، سلوى عثمان و محمد مصطفى احمد و مصطفى شفيق مصطفى (٢٠١٢): مناهج البحث في الخدمة الإجتماعية، الأسكندرية، مصر، بدون الطبعة والنشر .

٣. الفوزان، عبدالله محمد (١٩٩٩): التنشئة الإجتماعية والتحديات المعاصرة، مجلة رؤى، النادي الادبي بمنطقة حائل، بدون الطبعة والنشر.

٤. الكاشف، علي بن عمر (٢٠٠٠): النظريات الإجتماعيه الإتجاهات والمذاهب الكلاسيكية المعاصرة، بدون الطبعة والنشر.

٥. النحلاوي، عبدالرحمن (١٩٩٩): أصول التربية الإسلامية وأساليبها، الطبعة الثانية، دار الفكر المعاصر، دمشق.

٦.الكندري، أحمد محمد مبارك (١٩٩٢): علم النفس الأسري، الطبعة الثانية، مكتبة الفلاح للنشر والتوزيع، الكويت.

٧. النوري ، قيس وعبدالمنعم الحسني (١٩٨٥): النظريات الإجتماعية، منشورات وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، بغداد.

٨. الحسن، إحسان محمد (٢٠١٢): ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی: دانا مەلا حسن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کوردستان، سلێمانی.

٩. الخولي، سناء (١٩٨٤): الأسرة والحياة العائلية، دار النهضة العربية، بيروت.

١٠. الفوال، سلاح مصطفى (٢٠٢٠): سیمبوولەکانی هزری کۆمەڵناسی هاوچەرخ، وەرگێڕانی: توانا فەرەیدون حسێن، چاپخانەی مێخەك،

چاپی دووەم، سۆران.

١١. الداهري، صالح حسن أحمد (٢٠١١): أساسيات علم الإجتماع النفسي التربوي ونظرياته، دار الحامد للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.

١٢. الحسن، إحسان محمد (٢٠١٥): النظريات الإجتماعية المتقدمة، الطبعة الثالثة، دار وائل للنشر، عمان.

١٣. المسعودي، محمد عبد الغني و محسن احمد الخضيري (١٩٩٢): الاسس العلمية لكتابة رسائل ماجستير و الدكتوراه، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة.

١٤. الياس، به ناونيشانى (الحرمان الأبوي وعلاقته بالتنشئة الإجتماعية في ضوء بعض المتغيرات – دراسة ميدانية للأطفال مجهولي الأبوين بدار الإيواء (المايقوما) بولاية الخرطوم- السودان)، رسالة ماجستير غير منشورة.

١٥. ابراش، ابراهيم (٢٠٠٩): المنهج العلمي وتطبيقاته في العلوم الإجتماعية، دار الشروق، الأردن.

١٦. ابراش، ابراهيم (٢٠١٣): میتۆدەکانی توێژینەوە لەکۆمەڵناسی، وەرگێڕانی: دیدار ابو زید، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١٧. أبو أسعد، أحمد عبداللطيف (٢٠١٤): تعديل السلوك الإنساني، الطبعة الثانية، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان.

١٨. أبو مغلي ،سميع و عبدالحافظ سلامة و فدوى ابورداحة (٢٠١٣): التنشئة الأجتماعية للطفل ، الطبعة العربية ، بدون النشر،عمان، الاردن.

١٩. بۆدۆن، ریمۆن و فرانسوا بۆریکۆ (٢٠١٩): فەرهەنگی ڕەخنەیی کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی: مستەفا غفور، چاپخانەی تاران.

٢٠. بدر، أحمد (١٩٨٢): أصول البحث العلمي ومناهجه، الطبعة السادسة، الناشر وكالة المطبوعات عبدالله حرمي، الكويت.

٢١. زێباری، طاهر حسۆ (٢٠١٧): تیۆری هاوچەرخ لە کۆمەڵناسیدا، چاپی دووەم، بەبێ دەزگای چاپ.

٢٢. حوسو، عصمت محمد (٢٠٠٩): الجندر الأبعاد الإجتماعية والثقافية، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.

٢٣. حمزة، كريم محمد (٢٠١٥): نظريات علم الإجتماع مقدمات تعريفية، دار المكتبة البصائر، بيروت، لبنان.

٢٤. کریب، ئیان (٢٠٠٨): تیۆری کۆمەڵایەتی لە پارسۆنزەوە تا هابرماس، وەرگێڕانی:ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، بەبێ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە.

٢٥. کەلهوڕ، نەوزاد (٢٠١٠): گەشەکردنی منداڵ، چاپخانەی خانی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، دهۆك.

٢٦. لطفي، طلعت ابراهيم وكمال عبدالحميد الزيات (٢٠١٢): النظرية المعاصرة في علم الإجتماع، دار غريب للطباعة والنشر، القاهرة.

٢٧. محمد، أحمد علي الحاج (٢٠١٢): علم الإجتماع التربوي المعاصر، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.

٢٨. موحسنی، مەنوچێهر (٢٠٠٧): کۆمەڵناسی گشتی، وەرگێڕانی: موسڵح ئیروانی، چاپی دووەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، کوردستان.

٢٩. مارشال، جوردن (٢٠٠٠): موسوعة علم الإجتماع، ترجمة: محمد محمود الجوهري، المجلد، بدون دارطباعة والنشر.

٣٠. عنایە، غازی (٢٠٠٩): ئامادەکردنی توێژینەوەی زانستی، وەرگێڕانی: بەهرە محمد علی، کۆمەڵەی ئارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی سێیەم.

٣١. عامر، طارق عبدالرؤف (٢٠٠٨): أصول التربية الإجتماعية والثقافية والإقتصادية، بدون دارطباعة والنشر

٣٢. عمار، حامد (١٩٨٧): التنشئة الإجتماعية في قرية مصرية (سلوا)، ترجمة، غريب سيد احمد، دار المعرفة الجامعية الأسكندرية.

٣٣. عودة، محمود (١٩٩٥): أسس علم الإجتماع، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت.

٣٤. علی، ئازاد (٢٠٠٧): دەروونزانی گشتی بەبێ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە.

٣٥. عبدالرحمن، محمد السيد (١٩٩٨): نظريات الشخصية، دار قباء للنشر والتوزيع، القاهرة.

٣٦. فياض، حسام الدين (٢٠١٥): مفهوم التنشئة الإجتماعية وأساليب المعاملة الواليدية، دراسة في علم الإجتماع التربوي، بدون دارطباعة والنشر.

٣٧.صالح، کەنار قوئاد، رۆڵی خانەکانی نەوجەوانان لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا، توێژینەوەیەکی مەیدانییە، نامەی ماستەری بڵاو نەکراوەیە لە زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٣.

٣٨. صيام، شحاته (٢٠٠٩): النظرية الإجتماعية من المرحلة الكلاسيكية إلى مابعد الحداثة، مصر العربية للنشر والتوزيع.

٣٩. قەرەچەتانی، کریم شەریف (٢٠٠٩): سایکۆلۆژیای گەشە منداڵ و هەرزەکار، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

٤٠. رمضان، نوال سليمان (١٩٩٢): التنشئة الإجتماعية، دار النهضة العربية، القاهرة.

٤١. شروخ، صلاح الدين (٢٠٠٤): علم الاجتماع التربوي، دار العلوم، عنابة، الجزائر.

٤٢. شاسواری، عادل (٢٠١٣): بەکۆمەڵایەتیبوون لە نێو ئەرکەکانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەندا، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

٤٣. تشيرتون، ميل و وآن براون (٢٠١٢): علم الاجتماع النظرية والمنهج، ترجمة: هناء الجوهري، القاهرة، بدون دارالنشر.

٤٤. خزاعلة، عبدالعزيزعلي وفهمي سليم الغزوي و معن خليل عمر و نايف عودة البنوي و جنان كامل لطاهر (٢٠١٨): دەروازەی کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی: توانا فەرەیدون، چاپخانەی تاران.

٤٥. خەمەش، مجددين عمر خەیری (٢٠١٢): کۆمەڵناسی بابەت و میتۆد، وەرگێڕانی:عبدالله خورشيد، عبدالله اسماعيل، محمد شوانی و زیرەك عبدالله، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٤٦. غدنز، أنتوني (٢٠٠٥): علم الإجتماع، ترجمة: فايز الصياغ، الطبعة الرابعة، منتدى مكتبة الأسكندرية.

٤٧. غنيم، السيد رشاد و عبدالله محمد عبدالرحمن (٢٠٠٨): النظرية المعاصرة في علم الإجتماع، دار المعرفية الجامعية، المصر العربية.

٤٨. غورفا، ريناتا (١٩٨٤): مقدمة في علم الإجتماع التربوي ، نزار عيون السود، دار دمشق.

٤٩. گۆتەریج، و.ب (١٩٨٣): دەروونزانی، وەرگێڕانی: هیوا عمر احمد، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، زنجیرەی ٩٣، بەغدا.

50- Santrock, J.W. (2017): Educational psychology. 6th Edition. McGraw-Hill Education.